وەزارەتـی نــــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٥٣٧
ڕێکەوت : ٢٠ / ٢ / ٢٠٢٤

---

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.1- 2024) تەندەری پرۆژەی

**( نـۆژەنکردنەوەی تـۆری کارەبـای ئیمـام محمـد , نـۆژەنکردنەوە و فراوانکردنـی تـۆڕی کارەبـای شـیخ لەنــگەر , کڕینــی کەرەســتەی کارەبــایی بــۆ گەنجیــنەی ب.دابەشــکردنی کارەبـای کفـری , دەرکردنــی فیــدەرێکی نــۆی بــۆ شــاری کفـری, گەیانــدنی کارەبـای بەردەوام بــۆ بەنــداوی بــاوە شاســوار, ڕوونــاک کــردنەوەی شــەقامی دەروازەی شــاری کفــری,تەواو کردنـــی پـــرۆژەی ڕوونـــاکی شـــەقامی پێشـــینەی شـاری کفـری , گـۆڕینی بلاجکتـوری ڕوونـاکی ڕێگـای بـاوە شاسـوار و ڕوونـاکردنی گۆڕەپـانی سـەرەوەی بەنداوکە , دروستکردنی بینای هۆبەی جاکسازی ڕووناکی وپالپشتی پیشەی(سەلامە صناعیە) )**

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـــەرجەم بەڵێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نـــــاوبراوی ســــەرەوە هەیە , کە ئامـــــادەکراوە لە لایەن ( بەڕێـــــوەبەرایەتی دابەشــــکردنی کارەبـــــای کفـــــری ) , لەســـــەر بــــــودجەی وەبەرهێنـــــانی وەزارەتـــی کارەبـــا بـــۆ ســـاڵی ٢٠٢٣ جێبەجـــێ دەکرێـــت , هەرکەس ئـــارەزووی بەشـــداری کردنـــی هەیە بـــا ســـەردانی ب.ژمێریـــــاری لە دیـــــوانی ئیـــــدارەکەمان بکـــــات بەمەبەســـــتی وەرگرتنـــــی تەنـــــدەر . مـــــاوەی جـــێ بەجێکردنـــــی پرۆژەکە (٣٦٠) سێ سەد وشەست ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە(٢) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .

• وەرگرتنـــی تەنـــدەر لە ڕۆژی ( یەک شـــەممە ٢٥ / ٢ /٢٠٢٤)ەوە دەســـت پـــێ دەکـــات تـــا ڕۆژی (یەک شـــەممە ١٠ / ٣ / ٢٠٢٤) کـاتژمێر ( ٩ )ی سـەر لە بەیـانی تـا ( ١١:٠٠ ) ی پـێش نیـوەڕۆ لە ئیـدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە ( ٣٠٠,٠٠٠) سـێ سـەد هەزار دینـار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .

• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (سێ شەممە ١٢ / ٣ / ٢٠٢٤) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشـکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.

• بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .

• مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ١ تا ٣ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بارمتەی یاسای بە بڕی ( ٧٣,٩٨٥,٠٠٠ ) حەفتا و سێ ملیۆن و نۆ سەد و هەشتا وپێنج هەزار دیناری عێراقـی دەبێـت بە چەکێکـی باوەڕ پێکراو ( مصدق ) یان دەستەبەری بانکی ( خطاب ضمان ) لە بانکیکی باوەر پێ کـراو لە هەریمـی کوردسـتان, بـۆ ئیـدارەی گەرمیان وە ناوی پرۆژەکەی لەسەر بنووسرێت ماوەی ( ١٢٠) سەد و بیست ڕۆژ بێت وەک بارمتەی تەندەر لە کاتی گەڕانەوەیدا

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .
٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٤) یان هەبێت .
٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .
٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جلال نوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**